# سرووشی پەرتووکی پارسا

## بەشی یەکەم لە پەرتووکی

### " سێ ڕاستیی بنچینەیی "

# سرووشی پەرتووکی پارسا

## بەشی یەکەم لە پەرتووکی

# " سێ ڕاستیی بنچینەیی "

( لە نووسینی یوسف ریاض )

باسەکەمان لەبارەی بناغەکانی باوەڕی مەسیحی بە بابەتی ( سرووشی پەرتووکی پارسا ) دەستی پێ دەکەین لەبەر ئەوەی ئێمە لە ڕوونکردنەوەی دوو ڕاستییەکەی تر ( ڕاستیی سێیانە و لاهووتی ڕۆڵە ) و ( ڕاستیی کەفارە تمەندی و مردنی مەسیح ) پشت بە پەرتووکی پارسا دەبەستین . بەڵکو هەموو ڕاستییەکانی مەسیحی کە پێوەیان پابەندین لەو پەرتووکەوە ناسیومانن و زانیومانن . ئەویش بەرهەمی مێشك نییە ، مرۆڤێکیش بە مەزەندە پێی نەگەیشتووە بەڵکو ئەوە " باوەڕی بەهادارە " ( ٢ پەترۆس ١ : ١ ) " جارێك بە پارساکان سپێردراوە " . پارساکانیش لە پەرتووکی پارساوە وەریان گرتووە . لەبەر ئەوە دەی با باسی ئەم بابەتە مەزنە بکەین . ( یەهودا ٣

# پەرتووکی پارسا ووشەی خودایە

پەرتووکی پارسا لەبارەی خۆیەوە چی دەفەرمووێ ؟

جەخت دەکاتەوە بە ڕوونی کە سرووشی خودایە ( ٢ تیمۆتاوس ٣ : ١٦ ) . ووشەی ( سرووش ) لە یۆنانیدا ، ئەو زمانەی پەرتووکەکانی پە یمانی نوێی پێ نووسراوە ، واتای ( هەناسەکانی خودا ) یە . هەروەك چۆن خودا فووی بە ئادەمدا کرد بوو بە کەسێکی زیندوو ( پەیدابوون ٢ : ٧ ) ، ئاوا لەبەر ئەوەی پەرتووکی پارسا شنەی خودایی تێیدایە پەرتووکێکی زیندووە وەك مەسیح دەفەرمووێ " ئەوو ووشانەی ئاخاوتنی پێ دەکەم لەگەڵ ئێوە ڕۆح و ژیانن " ( یۆحەننا ٦ : ٦٣ ) وە وەك ئستیفانۆس لەبارەی مووسا دەفەرمووێ کە " لە خوداوە ووشەی زیندووی وەرگرت تا بیدات بە ئێمە " ( کردار ٧ : ٣٨ )
"ئەوانەی کە سیپارەکانی پەرتووکی پارسایان نووسییوە خەڵکی پارساکراو بوون ، بە ڕێبەرێتیی ڕۆحی پارسا نووسییانەوە" ( ٢ پەترۆس ١ : ٢١ ) ، ئەوەی نووسیانەوە قسەی خۆیان نەبوو کە لە ناوەڕۆکیدا هزرەکانی خودای لەخۆ گرتبێ ، بەڵکو خودی ووشەکانی خودا بوو " ووشەی خودا زیندووە و کاریگەرە و لە شمشێری دوودەم تیژترە " ( عیبرانیەکان ٤ : ١٢ ) .
سیپارەکانی پەرتووکی پارسا چەند جاری جەخت دەکاتەوە ئەوانە فەرموودەکانی خودان . لە پێنج سیپارەکانی مووسادا بۆ پشتیوان پێنج صەد جار هاتووە کە ئەو فەرموودەی پەروەردگارە بۆ مووسا ، لە پەرتووکەکانی پێغەمبەرانیش دوانزدە هەزار

ئاماژە هەیە کە فەرموودەی پێغەمبەران فەرموودەی خودی خودان. لە پە یمانی نوێشدا ، لە ئینجیلەکاندا دەبینین ئەو پلەو پایەی کە مەسیح پێیدا - بەدرێژایی بوونی لێرەدا لەسەر زەوی بە جەستە - بۆ سپیارەکانی سرووش. زۆر بە ڕوونی بڕیاریدا " ناکرێت ئەوەی نووسراوە لەناوبچێت " ( یۆحەننا ١٠ : ٣٥ ).

لە ووتارە باناوبانگەکەی سەر چیاکە فەرمووی " ڕاستیتان پێ دەڵێم هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێ ووشەیەك یان خاڵێکی شەریعەت لەناو ناچێت " ( مەتتا ٥ : ١٨ ). لە چیرۆکی دەوڵەمەندەکە و لەعازەر ڕوونی کردۆتەوە کە کێ باوەڕ بەوەی سپیارەکانی پە یمانی کۆن دەیڵێن ناکات گەورەترین پەرجوو کەڵکی نییە بۆی تەنانەت ئەگەر یەکێك لە مردووەکانیش هەستێتەوە ( لۆقا ١٦ : ٢٩ ، ٣٠ )... هتد.

نێردراوە بەتواناکانیش لەسەر هەمان ڕێگا ڕۆیشتن و زۆر بە ڕێز و شکۆوە لە سپیارەکانی پە یمانی کۆنیان وەردەگرت وە لەگەڵ سپیارەکانی پە یمانی نوێ بە فەرموودەی خودایان لەقەڵەم دان ( ٢ پەترۆس ٣ : ٢ ، ١٥ ، ١٦ ).

لەڕاستیدا خودا نەیدەوویست ئادەمیزاد فەرامۆش بکات لە تاریکی و نەفامیدا بزر بن چەندین صەدە و سەردەم بێ ئەوە ئاشکرا کردنی خۆیان بداتێ کە بەوە دەتوانن کار بۆ ڕزگاربوون بکەن ( کردار ١٤ : ١٧ ، ٢ تیمۆتاوس ٣ : ١٥ ) سوپاس بۆ خودا ، لە مێژەوە دابەزیوە و پەرتووکی پارسای پێداوین ، ئەو پەرتووکەی لە دوو بەش پێك دێت : پە یمانی کۆن کە لە ڕەسەندا بە زمانی عیبری نووسراوە و لە ٣٩ سپیارە پێك دێت و پە یمانی نوێ کە لە ڕەسەندا بە زمانی یۆنانی نووسراوە و لە ٢٧ سپیارە پێك دێت.

ئەوە ئەو پەرتووکەی خودایە کە ئبراهام لینکۆڵن ڕزگارکەری کۆیلەکان لەبارەیەوە ووتی " ئەوە بەرزترین شتە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە " بەڵێ لەوە گەورەتر هەیە کە هەواڵمان ڕاستەوخۆ لای خودا خۆیەوە بۆ هاتبێ ! ئەگەر خودا ئەم پەرتووکە پارسایەی دابێ بە مرۆڤ نەدەبوو کە ئاوا نەبێ ئایا دەستی مرۆڤی تاوانبار بەسەر خودادا بەهێز بوو تا بتوانێ دەستکاری ئەم پەرتووکە بکات و لە ناوەڕۆکی بگۆڕێ ، یان خودا توانی نەوە دوای نەوە پارێزگاری لەو ووشەیەی خۆی بکات کە داوێتی بە مرۆڤ لە وون بوون و تێك چوون ؟؟ ئەوە دەمانگوازێتەوە بۆ ئەم پرسە گرنگە :

## ئایا ووشەی خودا گۆڕین و لادانی بەسەردا هاتووە ؟

هەیە دەڵێن پەرتووکی پارسا بەم جۆرەی ئێستای کە لەبەر دەستماندایە ئەو پەرتووکە ڕەسەنە نییە کە بەسرووش هاتووە ، بەڵکو دەستکاری کراوە و ساختە و گۆڕانکاری تێدا کراوە. بەڵام تۆمەتبارکردنێکی دژواری ئاوا ، لە کارێکی دژوار و گەوهەری ئاوادا ، نابێ هەروا وەلا بنرێ بەبێ تەماشاکردن و ووردبوونەوە بەڵکو دەبێ پشکنینی بۆ بکرێ و ساغ بکرێتەوە ، وە بۆ ئەوەی بتوانین بزانین کەی ؟ کێ ؟ چی ؟ بۆچی ؟

کەی ساختەی تێدا کراوە ؟

کێ ساختەکارییەکەی کرد ؟

چی بوو پێش گۆڕینی ؟

وە بۆچی ساختەکارەکە ئەو کارەی کردووە ؟

یەکەم : کەی ساختەی تێدا کراوە ؟

ئەوە کێشەیە ! چونکە پەرتووکی پارسا لە سەرەتاوە وەرگێڕرابووە سەر چەندین زمان و لە سەرەتای صەدەی دووەمی زایینیەوە بە هەموو ئاوەدانیەکانی سەر زەویدا بڵاو بووبووەوە ئەمە بە پێچەوانەی وەرگێڕانی پەیمانی کۆن بۆ یۆنانی ( کە بە وەرگێڕانی حەفتایی ناسراوە ) کە ٢٨٠ساڵ پێش زایینی کراوە.

ئایا کەس هەبووە بتوانێت بگاتە هەموو دانەکانی کە لە جیهاندا هەن بەو هەموو زمانە تا گۆڕانکاری تێدا بکات لە هەرهەموویان . دواتر بگاتە دانراوەکان و پەرتووکە زۆرەکانیش کە لەبارەی پەرتووکی پارسا نووسرابوون تا هەمان گۆڕینی تێدا بکات ؟ !

دووەم : کێ ساختەکارییەکەی کرد ؟

سەبارەت بە سیپارەکانی پەیمانی کۆن ناچێتە مێشك کە جولەکەکان خۆیان ساختەکارییان تێدا کردبێت لەگەڵ گەواهیدانی مێژوونووسەکان لەسەر ئەو پەرۆشییە توندەی جولەکەکان هەیانە بۆ پاراستنی سیپارەکان کە لایانە ووشەی خودا هەروایان لەسەر دەڵێت لە ( ڕۆما ٣ : ٢ ) ، ئەگەر لادان و گۆڕین لای ئەوان هەبووایە ئەوا ئەو سزا و واوەیلانەی کە ئاڕاستەیان کراوە لە تەوراتدا لایان دەبرد بەو پێیەی گەلێکی مل ئەستوورن ، وە ئەو ڕووداوانەیان دەگۆڕی کە خراپەیە بۆ پێغەمبەرەکانیان بەڵکو هەر ئەو ئایەت و پێشبینییانەی لە تەوراتدا هاتووە لادەبرد کە بە ڕاشکاوی باس لە لەخاچدانی مەسیح و مردن و هەستانەوەی دەکا ، کە چەند زۆرن ، وەك ( زەبوری ٢٢ ، ئیشایا ٥٣ ، ... ) چونکە ئەو ووتانە کێشەیان بۆ دەنێتەوە کە خۆیان کەمیان نییە لەکاتێکدا کە بنەمای لادان و گۆڕین هەبێت . هەروەك چۆن ناچێتە مێشکەوە مەسیحیەکان خۆیان ساختەیان تێدا کردبێت ، چونکە لەباوەڕدا لەگەڵ دوژمنە کلاسیکیەکەیان ( جوولەکە ) پێکدا دەدەن ئەو تەوراتەی لەلایانە هەمان ئەو تەوراتە کە لای جوولەکەیە . بەڵام سەبارەت بە سیپارەکانی پەیمانی نوێ ، دەڵێین ئەو جیاوازییە مەزهەبی و بیروباوەڕییانەی لەنێوان وارگەکان لەیەکەم سەردەمیەوە ڕێگرێکی گەورە بوو لەبەردەم هەر هەوڵێك کە بدرێت لە هەر لایەکیانەوە بۆ کردەوەیەکی تاوانبارانەی لەو جۆرە .

سێهەم : چی بوو پێش ئەوەی ئەو ساختەکارییەی تێدا بکرێت ؟

بە دەیان هەزار دەستنووسی کۆنی پەرتووکی پارسا دۆزراوەتەوە ( وەك کەمێکی تر ڕوونی دەکەینەوە ) کەس دانەیەکی نەدۆزییەوە کە پێچەوانە یان جیاواز بێ لەوەی ئێستا لەبەر دەستماندایە . ئەمە ئەو ووتەووتی ساختەکارییە بەتەواوی بەدرۆ ناخاتەوە ؟ !

نرخی تۆمەتبارکردنێك چەندە کە درۆکەی ڕوون بێ و تەنانەت یەك بەڵگەش نەبێ بۆ پشتگیری ؟ !

## چوارەم : ساختەکردن بۆ ڕوو دەدات ؟

ئەوە کارێکە دەچێتە مێشکەوە کە مرۆڤ ساختەیەك بکات و لە بەرامبەری کارەکەی شتێکی دیاریکراوی پێبڕێ یان بەو هۆیەوە لە مەترسییەکی دیاریکراو ڕزگاری ببێت . بەڵام ئەگەر مرۆڤ درۆ بکات و بشزانێت کە درۆکەی و ساختەکارییەکەی لەباتی تاج خاچ و لەباتی بەخشش چەوسانەوەی دەداتێ ، ئەوە ناچێتە مێشکەوە ، مێژوو گەواهی دەدات کە بەدرێژایی هەرسێ صەدەی یەکەمی مەسیحییەت بەشی ئەو کەسانەی شوێنکەوتەی مەسیح بوون جگە لە چەوسانەوە و مەرگ هیچی تر نەبوو . ئەوەش بە تەواوەتی گومانی ساختەکاری لەسەر نێردراوەکان و هاوسەردەمەکانیان و مەسیحیەکانی سەرەتا دوور دەخاتەوە . مرۆڤ ئامادە دەبێ بمرێ لە بەرگریکردن لەوەی ئەو پێیوایە ڕاستە ، نەك بەرگری لەوەی دەزانێ درۆیە .. بەهیچ جۆرێك مەسیحییەکەمەکان ئامادە نەبوون ژیانیان یان ئاسوودەییان بکەنە قوربانی لە پێناوی ئەم پەرتووکەدا ، ئەگەر ئەم پەرتووکە درۆ بایە ! ئەوە پەلکێشمان دەکات بۆ پرسێکی گرنگ مەبەستم لێی .

## دەستنووسە کۆنەکان .. با ژمارەکان قسە بکەن :

لەگەڵ ئەوەش کە دۆزینەوەی ئەوەی بە دەستی خۆیان نووسیوویانەتەوە لە ڕۆژەکانی سرووشدا ، یان لەبەر دەستنووسی ئەوانی تر نووسیوویانەتەوە ئاسان نییە ، بەڵام فەرموودەکانی سرووش وەك خۆی پارێزراوە بە تواناى خودا.
لە هەموو جیهانیش پەرتووکێك نییە هێندەی پەرتووکی پارساژمارەی دەستنووسی کۆنی لێ دۆزرابێتەوە :

* نزیکەی ٥٣٠٠ دەستنووسی یۆنانی کۆنی پەیمانی نوێ هەیە . لەگەڵ نزیکەی ١٠٠٠٠ دانە فۆلْجاتا ( وەرگێڕاوی لاتینی بۆ پەرتووکی پارسا ) .

* وە زیاتر لە ٩٣٠٠ دەستنووسی کۆن ( بە پانزدە زمانی جیاواز ) بەڵام ئەو پەرتووکەی کە بەدوای پەرتووکی پارسادا دێ لە ڕووی ژمارەی دەستنووسە کۆنەکانیەوە ئەلیادەکەی شاعیری گریك هۆمیرۆسە . کە تەنها ٦٤٣ دانەی دۆزراوەتەوە . ئەو جیاوازییە زۆرە بێنە بەرچاوی خۆت لە نێوان ٢٤٦٠٠ و ٦٤٣ کە ئەوە ڕاستەوخۆ نێوان پەرتووکی پارسا و دەستنووسەکانی پەرتووکەکەی ترە .

وە لەبەر ئەوە یەکێك لە لێکۆڵەرەوەکان ووتی ئەگەر ئێمە وا دابنێین پەرتووکی پارسا تەنها کارێکی ئەدەبی کۆنە و دەستنووسە کۆنەکانیمان خستە ژێر توێژینەوەی ڕەخنەگرانە ، ئەوا ئێمە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوە و پێوەریووردی جۆراوجۆر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەرتووکی پارسا لە هەرە پەرتووکەکانی جیهانە بە ڕەهایی کە بانگەشەی باوەڕپێکردن بە دەقەکانی دەکات ، بە جۆرێك کە ئەو ڕەخنەگرەی ڕەخنە لە ڕاستی و درووستی ئەو پەرتووکە دەگرێ کە لەبەر دەستماندایە بەو پێیەی گومان لە دەستنووسەکانی دەکات ئەوا ئەویش پێویست دەبێ لەسەری بە پێی هەمان ئەو پێوەرانەی کە بەکاری هێناوە هەموو شاکارە ئەدەبییە کۆنەکانی تریش ڕەتکاتەوە !

دەستنووسە عیبریەکانی پە یمانی کۆن کە دۆزراوەتەوە بە صەدان دەبن ، ئەوەی سەیرە ئەو دانانە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان دۆزراونەتەوە ، وە بە پێی ماوەی کاتی لەیەك دوور ، وە مێژووشیان ئەگەڕێتەوە بۆ دەور و زەمانی جیاواز ، بەڵام لە بەراوردکردن و ڕووبەڕووکردنەوەدا بینرا کە وەك یەکن . هەندێ زانایان دەستیان کرد بە پشکنینی زیاتر لە پێنج صەد دانە کە بینییان بە تەواوی وەك یەکن لەگەڵ ئەوەش کە ئەو شارانەی لێی دۆزراونەتەوە لەیەك دوورن ، و دووری سەردەم و ڕۆژگارەکەی کە بۆی دەگەڕێتەوە هەموو ئەوانە ڕاستی و درووستیی دەسەلمێنن .

بەڵام سەبارەت بە سیپارەکانی پە یمانی نوێ ، دەستنووسە زۆر کۆنەکانیشی لەگەڵ بێ کە مێژووەکانیان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژانی نێردراوەکان ئەوەی باوکان لە پەرتووکی پارسایان وەرگرتووە و لەلامانە کە دەڵێن ئەوە هەموو ئایەتەکانی پە یمانی نوێ دادە پۆشێ جگە لە ١١ ئایەت نەبێ بەتەنها ! !

وە گرنگترین دەستنووسە یۆنانیەکان بۆ پە یمانی نوێ ( دانەی ئسکەندەرییە ) یە کە لە ئسکەندەرییە دۆزرایەوە ساڵی ١٦٢٤ کە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیایە و ( دانەی ڤاتیکانی ) کە ئێستا لە ڤاتیکانە و ( دانەی سینائی ) کە لە دێری سانت کاترین ساڵی ١٨٥٠ ی . ز دۆزرایەوە ، ئەویش لە مۆزەخانەی بەریتانیایە وە دوا دوو دانە دەڵێن هەردووکیان بە فەرمانی قوستەنتینی ئیمپراتۆر نووسراونەتەوە ساڵی نزیکەی ساڵی ٣٣٠ ز .

## مەزنترین دۆزینەوە دۆزینەوەی قومڕان

قومڕان جێگەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای دەریای مردووەوە . ئەوەش لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧ ڕوویدا کاتێ شوانێك بە ڕێککەوت ئەشکەوتێکی دۆزییەوە کە دوو دەفری لە قوڕ درووستکراوی لێ بوو ١١ دەستنووسی کۆنیان تێدا بوو . ئەو دەستنووسانە فرۆشران ، شەشیان گەیشتنە دەستی مامۆستایەك لە زانکۆی عیبری و پێنجەکەی تریان گەیشتنە سەرۆکی ئەسقوفەکانی دێری مارکۆسی سیریانی کە ئەو دەستنووسانە نێردران بۆ پە یمانگای ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی لە قودس ، دەرکەوت ئەوە دانەیەکی تەواوە لە سیپارەی ئیشایا . هەروەها ئەو کەتانەی کە دەستنووسەکانی پێ پێچرابوو نێردرا بۆ پە یمانگای لێکۆڵینەوەی ئەتۆمی لە شیکاگۆی ئەمەریکا ئەویش دەرکەوت کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ١٦٧ پ . ز تاکو ٢٣٣ ز . ئەو ئە نجامە لە جیهانی ئاییندا دەنگی دایەوە نێردەیەك ڕوویان کردە کەلاوەکانی قومڕان بۆ بەدوواداچوون و پشکنین ، چەندین ئەشکەوتی تریان یەك لەدوای یەك دۆزییەوە . تا لە ساڵی ١٩٥٧ ( ١١ ) ئەشکەوتی تریان دۆزییەوە کە ٤٠٠ دەستنووسیان تێدابوو لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانیشدا زیاتر لە دەهەزار پارچە لە دەستنووسی هەمە جۆر دۆزرایەوە کە هەموو بەشەکانی سیپارەکانی پە یمانی کۆنی گرتەوە ، جگە لە یەك سیپارە ئەویش سیپارەی ئەستیر بوو !

لەو بەدواگەڕانەدا ڕوون بووەوە کە ئەو ئەشکەوتانە پەناگەی باوەڕدارانی جوولەکە بوو لە نزیکەی ساڵی ١٢٥ پ . ز هەروەها دراوی ئەو مێژووە لە ئەشکەوتەکە دۆزراوەکەدا دۆزرایەوە بەڵام ئەو شتەی بەڕاستی دڵنەوا بوو ئەوە بوو کاتێ ئەو دەستنووسە

دۆزراوانەی تەواوی سیپارەی ئیشایا و دەگەڕێتەوە بۆ صەدەی دووەمی پێش مەسیح بەراورد کرا لەگەڵ ئەو سیپارەیەی لەبەر دەستماندایە ووشە بە ووشە ، بینرا بەهیچ شێوەیەك جیاوازی تیا نییە ! ! ئایا پاش ئەمە پێویست بە چەندوچۆن و مشتومڕ دەكات ؟ یان چ زیانێك بە بەرد دەگەیەنیت گەر بە سەرت لێی بدەیت ؟ ! " ئەی پەروەردگار ووشەی تۆ لە ئاسمانان چەسپاوە تاهەتایە " ( زەبوری ١١٩ : ٨٩، ٩٠ ) .

## ئینجیلی بەڕنابا

### چیرۆکی ئینجیلی بەڕنابای ( ساختە ) چییە ؟

چیرۆکی ئەوەی بە ئینجیلی بەڕنابا ناودەبرێ چییە ، ئەوەی هەندێك وا پیا هەڵدەدەن کە ئینجیلی ڕاستەقینەیە و ئەوانی تر ساختەن ؟

دەڵێین یەكەم : ئەم ئینجیلەی تەنها ساڵی ١٧٠٩ دۆزرایەوە ، تەنانەت دانەیەكیشی لێ نەدۆزرایەوە بە زمانی یۆنانی زمانی پەیمانی نوێ ، بەڵكو ئەو یەك دانە تەنهایەش كە دۆزرایەوە بە زمانی ئیتاڵی بوو . دووەم : مێژووی ئەو دانە تەنهایەش كە دۆزراوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ صەدەی پانزەهەم بە دوورترین مەزەندە .

سێهەم : لە خشتە بڵاوكراوەكانی صەدەی دووەم و بەرەو سەروتر ئاماژە بۆ ئەو ئینجیلە یان ناوەڕۆكەكەی نەكراوە وە نە لە كورتكراوەكانی پەیمانی نوێ یان قسە و ووتەی باوكان وە نە كۆڕبەندە جیاوازەكان چ ناوخۆیی یان مەسكونی ، وە نە لەو كەسانەی خۆیان داهێنان دەكەن كە پێشتر نەبووە بە درێژایی سەدەكان باس لێ نەكراوە .

چوارەم : كاتێ ئەو پەرتووكە وەرگێڕدرا بۆ عەرەبی بیرمەندەكان تەنانەت ئەوانەی مەسیحیش نەبوون دەستپێشخەرییان لە ڕەتكردنەوەی كرد لە پێش هەموو ئەو بیرمەندانە دكتۆر خەلیل سەعادە وەرگێڕی ئەم ئینجیلە بوو وە هەروەك لە پێشەكی وەرگێڕانەكە باس كراوە ، هەروەها مامۆستا عەقاد كە لە ڕۆژنامەی ( الأخبار ) لە ٢٦ / ١٠ / ١٩٥٩ لەسەری نووسیبوو ، وە جگە لەوان زۆری تریش .

پێنجەم : ئەو ئینجیلە ساختەیە پڕە لە هەڵەی زۆر كە ئەوەش ئەستەمە سەرچاوەكەی خودایی یان سرووش بێت :

١. هەڵەی مێژوویی زۆری تێدایە وەك ئاماژەكردن بۆ كۆمەڵی فەریسیەكان لەسەردەمی ئیلیای پێغەمبەر كە ١٧ هەزار كەس بوون ( ١٤٥ : ١ ) لەكاتێكدا كۆمەڵی فەریسیەكان دەرنەكەوت تا كاتی گەڕانەوە لە ڕاپێژكردن لە بابل ( واتە دوای سەردەمی ئیلیا بە صەدان ساڵ ) وە وەك پارتێكی ئایینی دەرنەكەوتن تا صەدەی دووەمی پ . ز . واتە دوای ئیلیا بە شەش صەد ساڵ زیاتر !

٢. چەندین هەڵەی جوگرافی : وەك ووتەكەی كە ناصیرە دەكەوێتە سەر دەریا ( ١ : ٩، ٢٠ ) ئەوەی بێ ئاگایی دەسەلمێنێ و نیشانەی ئەوەیە كە ئەو لە ژیانیدا فەڵەستینی نەبینیوە .

٣. هەڵەی پەرتووكی كە لەژماردنا نایەت : وەكو ئەوەی فەرموودەكانی ئاساف لە زەبووری ٧٢ بۆ داوودی داناوە ( ٢٥ : ١٠ ) هەروەها فەرموودەكانی خەزەقیال ( ١٨ : ٢٣ ) بۆ یوئێلی داناوە ( ١٦٥ : ١ ) و فەرموودەكانی مەلاخی ( ٢ : ٢ ) بۆ میخای داناوە

( ٤:١٥٨ ) هەروەك دەڵێ هەر صەد ساڵێك يۆبيلە ( ١٨ : ٨٢ ) كە لەڕاستيدا هەر پە نجا ساڵ جارێكە ( لاويەكان ١٥ : ١١ ) وە داود بەسەر مەفيبۆشت دا زاڵ بوو ( ٥٠ : ٣٥ ) ڕاستيەكەی ئەوەيە بەزەيی پێدا هاتەوە ( ٢ صامۆئيل ٢١ : ٧ ).

٤ . لەگەڵ هەڵەيەكی زۆری لاهووتی و پێوەنانێكی ناكاملانە ( وەك دەڵێ ئاسمانەكان نۆن و دەيەميان بەهەشتە ) بەڵكو دژبەيەكی ئاشكرا و ئەفسانەی كلۆمدراو و فێركاريی پڕ لە كوفر .

ئەی باشە ئەی نهێنيی ئەو پياهەڵدانەی هەندێك بەسەر ئەوەی ناوی دەبەن ئينجيلی بەرنابا چييە؟ نهێنيی سەرسامبوونی هەندێك لەڕاستيدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی باوەڕی بەوە هەيە كە تێيدا هاتووە ، شتی وای تێدايە كەس ناتوانێ بەسەندی بكات ، بەڵكو نهێنيی سەرسامبوونيان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە ڕێزی مەسيح دەهێنێتە خوارێ و نكۆڵی لە خاچ دەكات و مەسيح بە بڕوای ئەو تەنها مرۆڤێكی ئاساييە ، وە پێويستی بە خۆكڕينەوە هەبوو . جارێكيان بە فريشتەكان دەڵێ " كوێرايەڵم " وە هەروەها باس لەوە دەكات كە ئەوەی لەخاچدرا يەهوودا بوو نەك عيسای پەروەردگار .

ئەمە كورتەی ناوەڕۆكەكەی ئەو نووسەر و دانەرە مرۆييە پووچەيە . نكۆڵی لە مەسيح كردووە و نكۆڵی لە خاچ كردووە ، ئايا هەموو سيپارەكانی پەرتووكی پارسا ڕەتكەينەوە تا ئەم ( ئينجيلەی ) بەرنابا پەسەند بكەين ؟ ! ئايا زێر ڕەتكەينەوە و خۆڵ هەڵبژێرين ؟ !

## بەڵگەكانی سرووشی پەرتووكی پارسا

يەكێك پرسی لە ووتاربێژی بەناوبانگ ( سبرجن ) كرد لەبارەی " ئايا دەتوانێ بەرگری لە پەرتووكی پارسا بكات " ، وەڵامی خاوەن پرسی دايەوە " ئەڵێی چی ؟ من بەرگری لە پەرتووكەكە بكەم ؟ ! ! ئايا كەس بەرگری لە شێر كردووە ؟ ! ! " ئەمەش تەواو ڕاستە ، پەرتووكی پارسا لە خۆی دا بەڵگەی سرووشی هەڵگرتووە ، هەموو دێڕ و ووشەكانی بەڵگەيەكی هەڵگرتووە كە ئەوە پەرتووكی خودايە . لەبەر ئەوە ئەو پێويستی بە ئێمە نييە بەرگری لێ بكەين بەڵكو ئەو خۆی بەرگری لە خۆی دەكات .
جارێكيان يەكێك لە گە نجەكان كە لە ژێر كاريگەريی بيروبۆچوونی ئيلحاد دا بوو چوو بۆ لای ڕاژەوانێكی خودا ، داوای لێكرد ناوی پەرتووكێكی پێ بڵێت ڕاستی سرووشی پەرتووكی پارسا بسەلمێنێ . ڕاژەوانەكە پێی ووت : پەرتووكی پارسا . گە نجەكە وەڵامی دايەوە " ببورە تۆ تێم نەگەيشتی دەمەوێ ناوی پەرتووكێكم پێ بڵێی بەڵگەی ڕاستيی پەرتووكی پارسای تێدا بێ " .
ڕاژەوانەكە وەڵامی دايەوە " من بە هەڵە تێتنەگەيشتم پەرتووكی پارسا بخوێنەوە " ئەمەش تەواو ڕاستە ، ئايا پێمان وايە پێويستيمان بەوە هەبێ چرايەك هەڵبكەين تا خۆر ببينين ؟ ! ئەوەی ڕووناكی نابينێ پێويستی بە بەڵگە نييە تا بوونی ڕووناكی بسەلمێنێ ، بەڵكو چاوی پێويستە تا ببينێ ، فەرموو هەندێ بەڵگەی كورت كە پێشكەش دەكەم بۆ چەسپاندنی باوەڕ .
بەڵام ئاگاداربە مەڵێ ئەوەندە بەسە بەڵكو خۆت پەرتووكی پارسا بخوێنەوە و پارێزراوييەكەی و مەزنايەتييەكەی بدۆزەوە بۆ خۆت !

پەرتووکێك نییە کاریگەریی قووڵی کردبێتە سەر مێژووی مرۆڤایەتی وەکو ئەوەی پەرتووکی پارسا کردوویەتی . هیچ شتێکیش لە بووندا نییە ئەوەندە نووسین و دانای بێشومارەی لەسەر نووسرابێ وەکو ئەوەی لەگەڵ پەرتووکی پارسا ڕوویدا .
جێی سەرسوڕمان نییە ، ئەو پەرتووکە جیاو لە هەموو پەرتووکی مرۆڤایەتی بۆ هەموو گەلانی جیهان دەگونجێ و شیاوە ، سنووری نەتەوایەتییەکانی تێپەڕییە ، ئەوەی دەیسەلمێنێ سەرچاوەکەی ئاسمانە ، ئەوە پەرتووکی هەموو سەردەمەکانە .
پەرتووکێکی کۆنی وەك ئەو نییە کە تا ئێستا مرۆڤ دەیخوێننەوە بە شەیدایی و چێژ و کڕنۆشبردنەوە ، کە ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە خاوەنەکەی خودای ئەزەلی و هەتاهەتاییە . ئەوە پەرتووکی هەموو نەوەکانە ، کە چیرۆکی وا نییە هێندەی چیرۆکەکانی پەرتووکی پارسا منداڵان چێژی لێ وەرگرن . هیچ ئامۆژگارییەکیش هێندەی ئامۆژگارییەکانی پەرتووکی پارسا بۆ لاوان کەڵکی نییە . هیچ هاوڕێیەك بۆ پیاوان یان یاوەرێك بۆ پیرەکان هێندەی پەرتووکی پارسا مەزن و بەچێژ نییە .
هیگڵ فەیلەسوفی ئەڵمانی ووتی " پەرتووکی پارسا لەکاتی نەخۆشیمدا باشترین دڵنەواییم بوو " . جۆرج سڵدن داهێنەری ئەمەریکی کە لەسەر ڕۆخی مەرگ بوو ووتی " هیچ پەرتووکێك نییە لە بووندا کە لەکاتی مردندا دەروو نمان پێ بحەوێتەوە پەرتووکی پارسا نەبێ " . هەرکەسێ پەرتووکی پارسا بخوێنێتەوە بە کڕنۆش بردنەوە دەچەمێتەوە لەبەردەم دەسەڵاتە بێسنوورەکەی ئەگەرنا ئەو بەرگریی دەکات . باوەڕداران بۆ خۆشیان دەوێ ؟ چونکە " لە هەنگوین و دڵۆپەی هەنگویناو شیرینترە " ( زەبوری ١٩ : ١٠ ) .

ئەی بۆ خەڵك ڕقی لێ دەبێتەوە ؟ چونکە ڕاستییە و کە دەگاتە ویژدانەکان و سەرکوتی دەکاتەوە . ئەی بۆچی بەرگریی دەکەن ؟ چونکە " شمشێری ڕۆحە " ( ئەفەسۆس ٦ : ١٧ ) . خەڵك لە ڕووبەڕووبوونەوەی پووشێك چەك هەڵناگرن ، بەڵکو لە ڕووی شمشێردا کە لەرز دەیانگرێ لە توندی و هێزی تیژییەکەی ! ! جارێکیان یەکێك لە مژدەدەران ڕاوەستا و ووتاری دەخوێند ، فەیلەسوفێك کە لە کۆبەندەکە ئامادەبوو ووتارەکەی پێ بڕی و ووتی " کێ ووتی ئەو پەرتووکەی کە لێی دەخوێنیتەوە پەرتووکی خودایە ؟ " مژدەدەرەکە بە هێمنی وەڵامی دایەوە و داوای لێکرد ئەگەر دەتوانێ ڕۆژی دواتر ئامادەی کۆبەندەکە ببێتەوە و کەسێکی ناسراو بە خراپە و شەڕخوازی شارەکە لەگەڵ خۆی بهێنێ ، کاتێ فەلسەفەکانی خوێندەوە یان هەر فەلسەفەیەکی تر ژیانی گۆڕدرا بە ژیانێکی نوێ و پڕ بەخشش . وە لە بەرامبەرئەوە ( مژدەدەرەکە ) ئامادەیە دەیان کەسی خراپ و شەڕانی و سەرخۆش و کەساس و بێنەوا لەگەڵ خۆی بهێنێ کە پەرتووکی پارسا ژیانی گۆڕین بۆ ژیانی خودا پەرستی و خۆشی و بەختەوەری ! کاتێ شاعیر و چیرۆك نووی بەناوبانگی ئینگلیزی ( والتەر سکۆت ) لەسەر پێخەفی مەرگدا بوو بە ( لۆکهارت ) ی زاوا و هاوڕێی ووت کە پەرتووکی بۆ بخوێنێتەوە ، کاتێ کە ئەویش تەماشای کتێبخانە پان و پۆڕەکەی کرد کە بە هەزاران پەرتووکی تێدا بوو پرسی کرد ، مەبەستت لە کام پەرتووکە ؟ سێر والتەر وەڵامی دایەوە : لە پەرتووکێك زیاتر نییە کە پێی بڵێین پەرتووك ئەویش پەرتووکی پارسایە ، بەڵێ ڕاستت ووت والتەر چونکە پەرتووکی پەرتووکەکان هەرئەوە بەتەنیا پەرتووکە ، چونکە پەرتووکی خودایە .

تۆ ئەگەر پەرتووکی پارسات بە دڵسۆزییەوە خوێندەوە ئەو یەکێتیی بابەتەت بۆ یەکلا دەبێتەوە کە کۆیان دەکاتەوە . وە چەند نامۆیە کە زانیت بەهۆی چەندین نووسەری جیاواز نووسراوەتەوە ، کە هەریەکەیان لە ڕۆژگارێکی دوور لەوەی تر و بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی لێك نەچوو بوون کە لە مووساوە کە هەموو دانایی میصریەکان فێربوو دەستپێدەکات ، وە بە یۆحەنای ماسیگر کۆتایی دێت ئەویش کە کەسێکی ئاسایی و بێزانست نەبوو ، یەکەمیان پێنج سیپارەکانی نووسی و یەکەم سیپارەکانی پەرتووکەکە ، لە وونبوونی سینا ، کە بە لمی بیابان دەوردراوە ، وە دواهەمین دوایی پێنج سیپارەکانی نووسی کە ( سیپارەی بینین ) نووسی ، لە دوورخراوەیی لە دوورگەی پەتمۆس کە ئەویش بە ئاوی دەریا چوارلای گیراوە ، لە نێوان یەکەم و دواهەمین کەس کە نووسی ١٦٠٠ ساڵ تێپەڕی ، چل نەوەکە نزیکەی چل نووسەر هەستان بە نووسینەوەی سیپارەکانی پەرتووکی پارسا .

یەکێك لە نێوان ئەوانەی ڕۆحی پارسا بەکاری هێنا بۆ نووسینەوەی سیپارەکانی پەرتووک ، خوێندەوارێکی وەك لۆقای پزیشك و نەخوێندەوارێکی وەك عاموس ، پۆڵسی فەیلەسوف ، شاعرێکی وەك داود ، سەرکردەیەکی سەربازی وەك یەشوع ، نووسەرێکی ئایینی وەك عەزرا . پیاو گەورە و مەزنیان تێدا بوو : پاشا و سەرۆك شالیاران وەك سولەیمان و دانیال ، خەڵکی ساکاریشیان تێدا بوو : باجگر و دارتاش ، وەك مەتتا و یاقوب . بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە کۆتاییدا یەك کتێب دەرچوو ، هزرێکی یەکانگیر لاپەڕەکان پێکەوە دەبەستێتەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی ، ئەوەش جەخت دەکاتەوە کە نووسەرە مرۆییەکان یەك لەدوای یەك نووسیان و مردن بەڵام پەرتووکی ڕاستەقینە بەردەوام بوو لە سەرەتا تا کۆتایی و ئەویش ڕۆحی پارسایە .

پاشان تۆ تێبینی پێشکەوتن بکە لە وەدەرخستن ، دادوەرەکان لە باوکان زیاتریان زانی ، پێغەمبەران لە دادوەران زیاتر ، نێردراوەکانیش زیاتر لە پێغەمبەران ، بێئەوەی هیچ لێکنەچوونێك هەبێ لە نێوان ئەوانەی بە سرووش ڕایانگەیاند ! پاشان ئەو تەواکردنە مێژووییە چەند جوانە ! پەرتووکی پارسا مێژووی مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی دادە پۆشێ بێ کەلێنێکی مێژوویی . سیپارەیەك تەواو دەبێ تا سیپارەیەکی تر دەستپێبکات لەو شوێنەوە کە ئەوەی پێشتری تەواو بووە بە تەواوەتی ، وەك ئەوە نووسەری یەکەم ئاڵاکە بداتە دەست ئەوەی لە دوای دێ ، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە ئەوانە هیچیان یەکتریشیان بەهیچ شێوەیەك نەبینیبێ لە سەرزەوی !

ئەو تەواوکارییە مێژووییە کاری مرۆڤ نەبوو ، بەڵام تۆزەتۆزە گەشەی کرد نەوە دوای نەوە تا لە بووندا هەڵتۆقی بەم تەواوییە پەرجوویی‌یەوە کە لەڕاستیدا بەبێ پەرتووکی پارسا زۆر لە لاپەڕەکانی مێژوو هەیە هیچمان لەبارەوە نەدەزانی .

پەرتووکی پارسا مەزنترین پەرتووکی مێژووییە بە ڕەهایی ! !

پاشان لەگەڵ من لە بابەتی کتێبی پیرۆزڕا بمێنە . بابەتەکەی لە سەرەتا تا کۆتایی مەسیحە ، وە ئەوەی لەو ڕاستییە تێناگات ئاسان نییە پەرتووکی پارساش تێبگات ، شتەکان لە مێشك و بیریدا تێکەڵ دەبێ هەروەك بەسەر دوو قوتابییەکەی عەمواسدا هات ، بڕوانە ( لۆقا ٢٤ : ٢٧ ) . پەیمانی کۆن هەرهەمووی ئاماژەی پێش وەخت بۆ هاتنی کەسێك دەکات ،

پە یمانی نوێش ئاماژەیەکی گەڕاوەیی بۆ ئەو کەسە دەکات کە هات :

* لە سیپارەکانی مووسا وێنە و هێما دەبینین دەربارەی مەسیح .
* لە پەرتووکی پێغەمبەران پێشبینی دەربارەی مەسیح دەبینین .
* پاشان لە ئینجیلەکان کە ڕووبەڕووی خۆی دەبینەوە ، ڕاستییەکانی تایبەت بە مەسیحمان هەیە .
* لە نامەکاندا بەروبوومی مەسیح دەبینین کە پێویستە لە شوێنکەوتوانیدا دەرکەوێ وەك ئێمە لە پە یمانی کۆن مەسیح بە سێبەر دەبینین و لە پە یمانی نوێدا بە ئاشکرا دەیبینین وەك ئەوەی ئێوارە و بەیانیی یەك ڕۆژە ، ئاوایە پە یمانی کۆن و پە یمانی نوێ یەك کتێبە . ئایا هەموو جێی سەرسوڕمان نییە ؟ ؟

بەڵگەی سێهەم : ڕاستیی پێشبینیەکانی

پێشبینییەکانی پەرتووکی پارسا بەهێزترین بەڵگەن لەسەر سرووشەکەی . چونکە کێ دەتوانێ هەواڵی ڕووداوەکانی دوای صەدان هەزار ساڵمان پێ بڵێت جگە لە خودا ؟ بڕوانە ( ئیشایا ١٤ : ٢٣ ) . وە ئەگەر ئەم پەرتووکە پێشبینی تێدا بێ پێش ڕوودانی ووترابێ بە چەندین صەدە و نەوەوە زۆر بە ووردی تەواو بێت ئەوە بەڵگەیە کە دژی ئەوە بێ کە ئەوە ووشەی خودایە . یەکێ لە لێکۆڵەرەوەکان پێشبینیەکانی پەرتووکی پارسای ژماردبوو ١٠٣٨٥ پێشبینی دەرچووبوون . وە لەبەر ئەوە پەترۆسی نێردراو ناوی لە پەرتووکەکە ناوە ( ووشەی پێشبینیکار ) فەرمووی ئێمە کارێکی باش دەکەین ئەگەر بە ئاگا بین لێی ( ٢ پەترۆس ١ : ١٩ ) وە هەندێ لەو پێشبینییە دیارە باس دەکەین کە ڕوویانداوە .

( ١ ) پێشبینی لەسەر مەسیح :

لە پە یمانی کۆندا ٣٣٣ پێشبین دەربارەی مەسیح هاتووە وەك :

| بابەتی پێشبینی | پە یمانی کۆن | پە یمانی نوێ |
|---|---|---|
| لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت | ئیشایا ٧ : ١٤ | مەتتا ١ : ٢٢ ، ٢٣ |
| لە بەیت لەحم لەدایك دەبێت | میخا ٥ : ٢ | مەتتا ٢ : ٥ ، ٦ |
| پەنابردن بۆ میصر | هۆشەع ١١ : ١ | مەتتا ٢ : ١٥ |
| ژیانە بێهاوتاکەی بەتەواوی | ئیشایا ٤٢ : ١ — ٤ | مەتتا ١٢ : ١٤ — ٢١ |
| چوونی بۆ نێو ئۆرشەلیم | زەکەریا ٩ : ٩ | مەتتا ٢١ : ٤ ، ٥ |
| ناپاکی یەکێك لە قوتابییەکانی | زەبوری ٤١ : ٩ | یۆحەننا ١٣ : ١٨ |
| مردنی لەسەر خاچ | زەبوری ٢٢ : ١٦ | مەتتا ٢٧ : ٣٥ |
| ناشتنی لە گۆڕی پیاوێکی دەوڵەمەند | ئیشایا ٥٣ : ٩ | مەتتا ٢٧ : ٥٧ — ٦٠ |
| هەستانەوەکەی | زەبوری ١٦ : ١٠ | کردار ٢ : ٣١ |

ئەم پێشبینییانە و زۆری تریش جگە لەوان لە تەوراتی جوولەکەکاندا هەن ئەوانەی ڕقیان لە عیسا دەبێتەوە نکۆڵی دەکەن کە ئەو مەسیح بێت . ئایا ئەو پێشبینییانە هەموویان کە ڕوویاندا لە عیسای پەروەردگار ڕێککەوت بوو ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە یەکێ لە زاناکانی بیرکاری لە ئەمەریکا کە ناوی ( پیتەر ستۆنەر ) ە هەڵدەبژێرم کە ٤٨ پێشبینی لەو پێشبینییانەی کە لەسەرو سێ صەدەوەن ڕوونکردەوە و پاشان بیردۆزی ئەگەرەکانی بەسەردا جێبەجێ کرد بۆ بەدیهاتنی لە ڕێگەی ڕێککەوت لە یەك کەسدا ، دەرئە نجامەکە چی بوو ؟ ئەگەرکارەکە ڕێککەوت بێ ئەوا ئەگەری ڕوودانی ئەو پێشبینییانە ( تەنها چل و هەشتەکە ) لە یەك کەسدا ئەوا یەك دەرفەت هەیە لەبەردەم ژمارەیەکی گەورەدا کە بەم شێوەیە دەنووسرێت :

١ و لە بەردەمیا ١١٨ صفرە .

( ٢ ) گەلانی سەر زەوی و کیشوەرەکان :

ئەو پێشبینییانە لە ( پەیدابوون ٩ ) هاتووە لەسەر زاری نووح واتە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ب . ز . بە نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ ئایا هاتەدی ؟ بەڵێ هاتەدی زۆر بە ووردی !

حام ی کوڕی کە لەویشە کیشوەری ئەفریقیای ئاوەدان کردەوە کیشوەری ڕەش نووح باسی نەکردووە بۆیە زۆربەی بەشەکانی کیشوەری ئەفریقیا بە لەبیرچووەوە مایەوە .

لەبارەی سام کە ئەوە کیشوەری ئاسیای ئاوەدان کردەوە نووح فەرمووی " پیرۆزە خوداوەندی سام " زۆربەی پێغەمبەران و سرووشنووسان لە وەچەی ئەوەوە هاتوون .

سەبارەت بە یافت کە لەوە کیشوەری ئەوڕوپای ئاوەدان کردەوە ، نووح فەرمووی " خودا بۆ یافت بکاتەوە " خوداش بۆی کردەوە هەردوو ئەمەریکا و پاشان ئوسترالیایان دۆزییەوە ، وە ئەوەشی فەرموو " با لە ماڵەکانی سام نیشتەجێ بێ " ئەوانیش لە بەناوبانگترین غەزاکار و لەشکرکێش بوون لە مێژووی جیهاندا .

( ٣ ) سەمەرەترین پێشبینییەکان ( جوولەکەکان ) :

کاتێ فریدریکی گەورە پاشای بڕوسیا پرسی لە ووتاربێژی کۆشکەکەی کرد : دەتوانیت بە دوو ووشە ڕاستیی پەرتووکی پارسا بسەلمێنی ؟ وەڵامی دایەوە " جوولەکەکان " گەورەم ! . هاتنی مەسیح بۆلایان و ڕەتکردنەوەیان و دواتر ڕوخاندنی پەرستگاکەیان و پەرتەوازبوونیان بە هەموو جیهاندا وەك سزایەك لەسەر خرا پەکارییەکانیان ، هەموو ئەوانە پێشبینییەکانی پەرتووکی پارسا دەسەلمێنن ، ئەوەی ئێستا کۆیان دەکاتەوە لەسەر خاکی فەلەستین ( ئەویش پێشبینی کراوە ) تەنها بۆ ئەوەی یەکە مجار لەو تەنگەژەیە تێپەرن کە نە لەوێنەی بووە نە دەبێ . من لە خوێنەری ئازیز دەگەڕێم تا خۆی ئەوە بزانێ ئەگەر وویستی بڕوانێتە هەندێ بەشی گرنگ وەك ( ووتەکان ٢٨ ، دانیال ٩ ، خەزەقیال ٣٦ ، ٣٧ ، مەتتا ٢٣ بەشی دوایی لەگەڵ ٢٤ ) .

ئەوە لەگەڵ ئەو پێشبـــینییە زۆر ووردانەی کە وێنە و چۆنیەتی ئیمپراتۆریەتە یەك لەدوای یەکەکانی جیها نمان دەداتێ ( دانیال ٢ ، ٧ ) ئەو پێشبینییانەی سەبارەت بە نەمانی هەندێك لە شارەکان لە بووندا و ئیتر جارێکی تر درووسـت نابـنەوە ( ئیشایا ١٣ ، خەزەقیال ٢٦ ) وە شێوازی ڕۆژەکانی دووایی کە ئێستا ئێمە تیادا دەژین ، لە بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ( لۆقـا ٢١ ) یان ڕۆحی ( ٢ پەترۆس ٢ ، ٣ ) و زۆری تر جگە لەوانە .

بەڵگەی چوارەم : ووردەکارییە زانستییەکەی

ئەگەرچی پەرتووکی پارسا پەرتووکێکی زانستی نییە بەڵکو پەرتووکێکی ڕۆحییە ، لەبارەی ئەفرێنەرەوە بـۆمان دەفەرمووێ نەك ئەفرێندراو ، وە لەبارەی ڕزگاربوونی جاویدانی نەك بـیردۆزەکانی زانسـتی پەیوەندیدار بـەو جیهانە کە لەناودەچێ ، لەگەڵ ئەوەش کە بە شێوازێکی زانستی دانەڕێژراوە ئەگینا ئەستەم بوو بۆ مرۆڤی ئاسایی تێبگات ، لەگەڵ ئەوەش پێی لەسـەر ڕاسـتییە زانسـتیەکان دانەگرتووە ئەگەرنا لەگەڵ هزری مرۆڤ دژبـەیەك دەبـــوو لەو ماوە زەمەنیەدا کە زانســت جارێ لە سەرەتادابوو ، بـەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر وورده لە لایەنی زانسـتییەوە کە ئاماژەی بـۆ هەر ڕاسـتییەکی زانسـتی کردووە بـە خســتنەڕوو ! . لە ســاڵی ١٨٦١ ئەکادیمیەی فەڕەنسـی بـۆ زانســتەکان ڕایانگەیاند کە ٥١ هەڵەی لە پەرتووکی پارســای دۆزیوەتەوە ، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زانست ، زانست خۆی ڕاستکردەوە و ئەو هەڵانەی خرابووە پاڵ پەرتووك کەم بوونەوە ، بە تێپەڕبوونی ساڵان ڕوون بووەوە کە ئەو ٥١ هەڵەیە هەموویان هەڵەی ئەکادیمیەکە بوون نەك هەڵەی پەرتووکەکە ! ! باسی کەمێکی ئەو ڕاستتە زانستییە سەیرانە دەکەین کە لە پەرتووکی پارسادا هاتوون :

* خڕیی زەوی : ئەوەی کە یەکە مجار دۆزییەوە کۆلۆمبس بوو ساڵی ١٤٩٢ . بەڵام ئیشایا ب . ز . بە حـەوت صەد سـاڵ لەبارەی خوداوە فەرمووی " ئەوەی دانیشتووە لەسەر گۆی زەوی و دانیشتوانیشی وەك کوللەن " ( ئیشایا ٤٠ : ٢٢ ) .

* بۆشایی ئاسمان کە گەردوون مەلەی تێدا دەکات : پێش نووسینەکانی ئیسحاق نیوتن سـاڵی ١٦٨٧ خەڵك ئەوەیان نەدەزانی . بەڵام کۆنترین سیپارە لە پەرتووکی پارسا سیپارەی ئەیوب ئەم ڕاستییەی زۆر بە ڕوونی تۆمارکردووە " دەستەڕاست درێژ دەکاتەوە بۆ چۆڵەوانی و زەوی لە بۆشاییدا هەڵدەواسێت " ( ئەیوب ٢٦ : ٧ ) .

* لەکاربردنی بارستایی تەنە ئاسمانییەکان : زانسـتی نوێ ڕوونی کردۆتەوە کە لە ئە نجامی تیشـکدانەوەی تەنە ئاسمانیەکان لە ووزەی گەرمی و ڕووناکیی بەردەوام بەشێکی دیاریکراو لە قەبارە و بارستایی خۆی لەدەست دەدات ، پەرتووکی پارساش نزیکی سێ هەزار ساڵ بەرلە ئێستا ئاماژەی بۆ ئەو ڕاستییە کردووە بە شـێوازێکی ناوازە کاتێ لەبـارەی ئەو تەنانەوە فەرمووی " ئەو دەفەوتێ .. هەموویان وەك جل دەڕزێن " ( زەبووری ١٠٢ : ٢٦ ، عیبرانیەکان ١ : ١١ ) .

* توانەوەی توخمەکان : کەس باسـی لە توانەوەی توخمەکان نەکردووە لە پێش صەدەی بیسـتەوە کاتێ ئێلبـەرت ئینشتاین تەقـینەوە ئەتۆمێکەی هێنایە ئاراوە کە لەگەڵیدا هەروازەنا و گەرماییەکی گەورە دروسـت دەبـێ . بـەڵام نێردراو پەترۆسی ماسیگر پێشتر باسی لەم بابەتە کردووە . کە فەرمووی " ڕۆژی پەروەردگار کە بە دەنگێکی بەرز ئاسمانان نامێنن

و بە ئاگریش تۆخمەکان دەتوێنەوە و ئاسمانە گڕگرتووەکان شی دەبنەوە و تۆخمە سوتاوەکان دەتوێنەوە " ( ٢ پەترۆس ٣ : ١٠ ) .

دوو چیرۆکی ناوازە دەربارەی وردیی زانستیی پەرتووک :

**<u>چیرۆکی یەکەم</u>** : لەبارەی ( مەتتتا مۆری ) زانا کە بە باوکی ڕێگا دەریاییەکان ناوی دەبەن ، کە یەکەم کەس بوو نەخشەی بۆ ڕێگا دەریاییەکان کێشا و زانستی جوگرافیای ئۆقیانۆسەکانی دامەزراند ، وابوو کاتی نەخۆشیی ئەو زانایە کوڕەکەی بانگ کرد تا پەرتووکی پارسای بۆ بخوێنێتەوە ، ئەویش سیپارەی زەبوورەکانی بۆ خوێندەوە ، تا فەرموودەکەی داود لە ( زەبووری ٨ : ٨ ) سەرنجی ڕاکێشا خودا دەسەڵاتی هەیە لەسەر " ماسیی دەریا کە ڕێگا ئاوییەکان دەگرێتەبەر " ، باوکەکە کوڕەکەی ڕاگرت و داوای لێ کرد جارێکی تر ئەو ئایەتەی بۆ بڵێتەوە ، کە جاری دووەم گوێی لێ بووەوە ووتی ئیتر بەسە ، کە ووشەی خودا فەرمووی ڕێباز هەیە لە ئاودا ، دەبێ هەبێ و وا دەیدۆزمەوە ، پاش چەند ساڵێکی کەم یەکەم نەخشەی ئەو جیهانە گەورەیە ئەو زانایە کێشای !

**<u>چیرۆکی دووەم</u>** : جارێکیان یەکێ لە ئەفسەرەکانی سوپای ئەمەریکا وانەیەکی بۆ هاوکارەکانی دەووتەوە لەسەرکارەبا ، دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو دۆزینەوە مەزنەی کە لۆرد کلفن دۆزییەوە ناوی ئەوی درەوشانەوە ، ئەویش باران هەمیشە بە هۆی بەتاڵبوونی بارگەی کارەباییەوە ڕوودەدات ، ئەو ئەفسەرە باوەڕدار بوو ئاماژە بۆ پەرتووکێکی کۆن کرد کە لەگەڵ خۆی هێنابووی ، ووتی : " بەلام بەڕێزان من پەرتووکێکم هەیە کۆنترە لە جۆن کلفن پێش لۆرد کەوتووە لەم دۆزینەوەیەدا " . ئەو کتوپڕییە شەیداییەکی درووست کرد لە نێو ئەفسەرەکان کە وای لێ کردن دوای وانەکە لە دەوری ئەفسەرەکە کۆببنەوە پرسی ئەو پەرتووکە کۆنەی لێ بکەن کە ئاماژەی بۆ دۆزینەوەکەی کلفن کرد ، ئەویش پەرتووکە پارساکەی بۆ دەرهێنان و ( زەبوری ١٣٥ : ٧ ، ئێرمیا ١٠ : ١٣ )ی بۆ خوێندنەوە .

بەڵگەی پێنجەم : پەرتووک بەرنگاری کوفر دەکات !

پەرتووکی پارسا ڕووبەڕووی سێ بەرنگاریی ترسناك بۆتەوە لە سێ سەردەمی یەك لە دوای یەکدا : یەکەم : لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا کە لوتکەی چەوساندنەوەی خۆی لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بتپەرست دا نواند لە سێ سەدەی یەکەمی مەسیحیەت .

دووەم : لە لایەن دەسەڵاتی ئایینی خۆی لە چاخی تاریکیەکانی ناوەڕاست ، کە وارگە لە خەڵکی پەردە پۆش کردبوو ، وە ئاڵوگۆڕی قەدەغە کردبوو بەڵکو چەوسانەوە تا بە مردنیش دەگات بەشی ئەو کەسانە بوو کە بیانوێرایە وەریگێڕنەوە سەر زمانی تر یان بڵاوی بکەنەوە .

سێهەم : لە لایەن دەستە هزرییەکان لە ڕێگای فەیلەسوفە مولحیدەکانەوە هەر لە سەرەتای چاخی هەستان تا بە ئەمڕۆ دەگات ، لەبەرکەمی جێگە ئاماژە بە بەرهەڵستی و بەرنگاربوونەوەی سێهەم دەدەین کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە ، بە باسی ئەو ڕووداوە ماناداری دەربارەی مولحیدی فەڕەنسیی بەناوبانگ ( ڤۆڵتێر ) کۆتایی دێنین ، کە بە گاڵتەجارییەوە لەبارەی پەرتووکی پارسا ووتی " لە ماوەی صەد ساڵی تر پەرتووکی پارسا لەسەر زەوی نامێنێ و دەچێتە مێژووەوە " . صەد ساڵەکە تێپەڕی و ڤۆڵتێر خۆی چووە مێژووەوە بەلام پەرتووکی پارسا تا ئێستا زیندووە و ژیان دەبەخشێتە ئەوانەی دەیخوێننەوە و گوێڕایەڵی

دەبن . وە بۆ پەندی مێژوو چاپخانە کۆنەکەی ڤۆڵتێر و ماڵەکەی خۆشی خرانە ڕوو بۆ فرۆشتن دوای مردنی ، کۆمەڵەی پەرتووکی پارسا کڕییانەوە و بەکاریان هێنان بۆ چاپ و کۆگاکردنی پەرتووکی پارسا ! !

وە لە ڕۆژی ٢٤ ی دێسەمبەری ١٩٣٣ حکومەتی بەریتانیا دانە سینائییەکەی پەرتووکی پارسای لە ڕوسیا کڕییەوە ( ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا ) بەرامبەر بڕی نیو ملیۆن دۆلار ، لە هەمان ڕۆژدا چاپی یەکەمی کار و نووسینەکانی ڤۆڵتێر لە کتێبخانەکانی پاریس بە ١١ سەنت فرۆشرا ! ! !

ئەوەیە پەرتووکی خودا : ئەو پەرتووکەیە کە بە دەیان کەس بە سرووش نووسییان و هەزاران کەسیش بەشدارییان کرد لە وەرگێڕانی ، هەزارو هەزاران تریش خەریکی چاپ و دابەشکردنی بوونە ، بەڵام بە ملیۆنەها کەس دە یخوێننەوە و خۆشیان دەوێ ! ! ئێستا چی ؟ ئێستا دوای ئەوەی زانیت ئەم پەرتووکە دانسقەیە بێهاوتایە ووشەی خودان ، تۆ چی دەکەیت بەم ووشەیە ؟ کاتێ خودا دەدوێ ئایا ئەرك نییە لەسەرمان گوێبگرین ؟ " گوێ بگرە ئەی ئاسمانان و ببیستە ئەی زەوی ، چونکە پەروەردگار دەدوێ " ( ئیشایا ١ : ٢ ) ، ئەی کاتێك خودا دادەبەزێ تا پەرتووکێکمان بداتێ ئایا بەرپرسیار نین لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەوەی تێدایە ؟ " پەرتووکەکان بگەڕێن چونکە ئێوە وا دەزانن کە ژیانی جاویدانیی تێدایە بۆتان " ( یۆحەننا ٥ : ٣٩ ) بەڵام ئەوەی سووکایەتی بەم کتێبە بکات یان گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی بکات یان لیگۆڕینی تێدا بکات بە مەبەستێك ، ئەوە تاوان بەرامبەر خۆی دەکات ، وە ئای کە چەند تاڵە ئەو تاوانەی کە بەرامبەر خۆی دەیکات ! ! دانا فەرمووی " هەرکەسێ سووکایەتی بە ووشەکە بکات خۆی وێران دەکات " ( پەندەکان ١٣ : ١٣ ) .

یۆحەنناى خۆشەویست دەربارەی پەرتووکەکە دەفەرمووێ " هەرکەسێ زیادی بخاتە سەر ئەمە لێدانی خودای زیاتر دەبێت . هەرکەسێکیش لێی لابەرێت ... خودا بەشی ئەو لادەبات لە سیپارەی ژیان " ( بینین ٢٢ : ١٨ ، ١٩ ) .

پەترۆسی نێردراویش لەبارەی پەرتووکەکە دەفەرمووێ " شتی تێدایە .. نەزانەکان دەیگۆڕن بۆ لەناوچوونی خۆیان " ( ٢ پەترۆس ٣ : ٦ ) .

بەڵام ئەگەر تۆ باوەڕت بەم پەرتووکە هەیە خۆزگە بەتۆ . کەواتە تۆ لەسەر وادەی لەگەڵمان بۆ بەردەوامی باسەکە لە بەشی دواتر دەربارەی پارساترین ئەو شتانەی ئەم پەرتووکە مەزنە لەخۆی گرتووە لە ئاشکراکردن : ئەویش ئاشکراکردنی خودی خودا لەلایەن خودا خۆی ) !

ئەگەر هەر پرسێکت هەبوو یان دەتەوێ خۆقسە لەگەڵ کەسێك بکەیت بتوانێت
تێت بگات و هەموو پرسەکانت وەڵام بداتەوە
ئەگەر زانیاری زیاترت ویست یان تۆ لە هەر ووڵاتێك بوویت و وویستت نامەت
بۆ بنێرین
تەنها نامەیەك بنووسە بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان پەیوەندی تەلەفۆنیمان
پێوە بکە تاکو
بتوانین زیاتر یارمەتیت بدەین
ژیانی خۆشویستنی جیهانی - کوردستان
laii.org